# كۆمپانیای وشەش گەندەڵە

هیوا گوڵ محەمەدی

بێگومان گەندەڵی جۆری جیاوازی هەیە، تەنیا ئەو کەسە گەندەڵ نیە کە کارێکی خراپ یان کەڵکی نابەجێ لە دەسەڵات و ئیمکان و سەروەتی نەتەوەیێ وەردەگرێ بەڵکو ئەوانەی کە بە ناوی کۆتای هێنان بە گەندەڵی و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان سەروەت و سامانی گەل بە کار دێنن و هیچ تازەگەری و نۆێکاریەک ناکەن، گەندەڵن و تۆزێ لە گەندەڵ خراپتر.

ئێستا لە باشوری کوردستان هەموو کەس باس لە گەندەڵی ئەکەن تەنانەت دەسەڵاتدارانی یەکیەتی و پارتیش نایشارنەوە کە گەندەڵی هەیە بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کەس چارەسەری بۆ گەندەڵی پێ نیە.

لەبیرمانە کە لە ناو یەکیتی نیشتمانی کوردستانا چەند دەنگێک بەر گۆێ کەوتن و باسی ئەوەیان کرد کە گەندەڵی خراپە و پێویستە چارەسەر بکرێ.

دوای ئەوەی کۆبونەوەی بەرینی یەکیەتی نیشتمانی گیرا و لە جیاتی ئەوەی ئاوڕ لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بداتەوە فایلدارەکانی خەڵات و چەپلەڕێزان کرد و بەو کارەی یەکێک لە ڕۆژە هەرە ڕەشەکانی لە مێژووی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانا تۆمار کرد, بەرەی بە ناو ڕێفورمخۆاز شکان و چاو و زاری ئەوە هەبوو کە بێدەنگ نابن و خۆێان ڕێک ئەخەن.

ئەو یەکێتی نیشتمانیەی کە ڕۆژگارێ یان لە ڕۆژگارە هەرە ئاستەمەکانا تاوانبارانی سزا ئەدا و قارەمانانی گەلی پەروەردە ئەکرد وای لێهاتوە کە باوەش بۆ کەسێکی وەک ساڵە مزەللی تاوانبار و تاوانبارە فایلدارەکان بکاتەوە و نە پەیامێکی مابێ کە بیگەیەنێ و نە سەنگەرێک بۆ خۆپاراستن.

زۆری پێ نەچوو دوای کونگرە کاک نەوشیروان مستەفا کەسایەتی ناوداری جوڵانەوەی کوردستان و نەفەری دووهەمی ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی ڕوی لە بەغداد کرد.

پێشبینیەکان ئەوە بون کە کاک نەوشیروان مستەفا گوشار بخاتە سەر مام جەلال بۆ ئەوەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەو حاڵەتە عەشایەری و بێ بەرنامەیە بێتە دەر و هیچ نەبێ ئاوڕ لە ڕابردووی خۆی باتەوە.

بەڵام لە پشتی پەردەکەوە باس و خۆاسەکان ڕویان لە دیارێکی دیکە بوو، نە مام جەلال خەمی گەندەڵی هەیە و نە کاک نەوشیروان بەلایەوە گرینگ بو کە کێشەکە زەق بکاتەوە و دەس لە خۆی بەردا و لە ئەنجامی سەفەرەکەیدا کاک نەوشیروانی ڕێفورمخۆاز بە 172000000 دولارەوە گەڕایەوە و خێرا بانگەشەی دامەزراندنی کۆمپانیای وشەی کرد و لە ئەنجاما سایت و ڕۆژنامەیان دامەزراند و ناڕازیەکانی ناو یەکیتی لە کۆمپانیاکەی کاکە نەوە دا کۆبونەوە.

دامەزراندی دەزگای ڕاگەیاندنی مودێڕێن لە باشوری کوردستانا شتێکی گرینگ و پێویستیەکی بێ ئەملاو ئەولایە بەڵام بەداخەوە کۆمپانیای وشە نەک هەر شتێکی نۆی پێ نیە و نەبووە بەڵکو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خاتو هێرۆ برایم ئەحمەد زوور کراوەتر و جەسوورتر و خاوەن پلانترە و کۆمپانیای وشە نەک هەرناتوانێ منافسە و کێبڕکێی لەگەڵا بکات بەڵکو لایەنە خراپەکانیشی ئەشارتێەوە.

نوسراوەکانی سەر بە کۆمپانیای وشە بە 50 ساڵ لە داوی ڕاگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و 15 ساڵ لە دوای ڕاگەیاندنەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوەیە.

کەوابو ئاکام و نەتیجە دەبێتە ئەوە کە بە گەندەڵی و گەندەڵکاری ناکرێ باسی گەندەڵی بکرێ و ئەوەی کە بە ملیون لە سەروەت و سامانی نەتەوەکەی بۆ قازانجی تایبەتی و چەواشەکردنی هاوبیر و هاو زمانەکانی بەکار دێنێ نەک هەر گەندەڵە، تاوانباریشە و واباشە تا درەنگ نەبووە کۆمپانیاکەیان هەڵۆوەشیننەوە و ڕێک و ڕەوان لەگەڵ یەکیتی بکەونەوە، دڵنیا بن ئەوانەی کە لە یەکیتی ناڕازی بن پارتی وەریان ناگرێ لەبەر ئەوە ئێستا پارتی دیموکرات ئەوەند بڕوای بە خۆی هەیە کە خەڵکانی دەرەجە دووی ناو حیزبەکانی دیکەی ناوێ.

**جێگای داخە یەکیتی نیشتمانی وایلێهاتوە کە کاکە نەوە حاشا لە چەپ بونی و مام جەلال حاشا لە کورد بونی خۆی ئەکا. حەیف بۆ ئەو سلێمانیە کە کاتێک شەق لە تۆپێکی فوتبوڵ دەدەن و یا شانس و ئێقباڵ ئەچێتە ناودەروازەکەوە ئالآی بەعس بەرز ئەکەنەوە و ئازایەتی و فیداکاری 50 ساڵەیان ئەکەنە ژێر پێوە، داخۆا ئەمە ئەگەر گەندەڵی نەبێ چیە؟**

**ئەوەی کە کورد لە ژێر دەسەڵاتی یەکیتی نیشتمانی دا ئێستا بۆ عێراقی بوون شەقامەکان ئەهاژێنن و خەڵکی هەڵەبجە بۆ داواکاری مافە سەرەتایەکانیان ئەدرێنە بەر گوللە تاوانێکە کە کاک نەوشیروان وەک ئەوانی دیکە شەریکە و کۆمپانیای وشەش تەنیا خزمەتی ئەو ئەقڵە گەنیوە ئەکات و وەک دام و دەزگاکانی دیکە گەندەڵە.**

070812